یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دواخرا

لەسەر بانگهێشتی پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت، دەبووایە ئەمڕۆ یەکەم دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێی پارێزگای کەرکووک بەڕێوەبچێت، بەڵام لایەنی تورکمان و عەرەب ئامادەی کۆبوونەوە نەبوون و سەرکی فراکسیۆنی کەرکووک هەز و ئیرادەمانە دەڵێت، وەکو ڕێزگرتنێک لە بڕووناکانیان، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگامان نەکرد.

ڕۆژی دووشەممە 5ـی شوباتی 2024، ڕەبوار تەها، سەرکی فراکیسیۆنی هاوپەیمانیی کەرکووک هەز و ئیرادەمانە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانی هاوبەش لەگەڵ سەرکی فراکسیۆنی پارتی رایگەیاند، "پێکهاتەی عەرەب و تورکمان بەدەم بانگهێشتی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت نەهاتن و ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوون".